# پێشێلکاریەکان لەکوردستان!

## دەسەلاتدارن وەلامی کرێکاران بەتەقە دەدەنەوە!

نوری بەشیر
n.bashir3@ukonline.co.uk

حیزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی پاش 15 ساڵ لەدەسەلاتداریتیان، تەنیا وەلامێك کەهەیانبێت لەبەرامبەر داواکاریو خواستەکانی کریکاران و جەماوەری زەحمەتکیش لە کوردستاندا هەر ڕاونان و سەرکوت و زیندان و تەقەلێکردن و کوشتارە، کەئەم سونەتەیان ماهیەتی خۆیانەو خەسلەتی شاخی



بونیانە لیان جیانابێتەوە، کەهیچ کات بەهێندی ئەمرۆ ریسوا نەبون و کەلێن نەکەوتۆتە بەینیانەوە لەگەل جەماوەر، کەتازەترین ئەم هێرشانەی هێزەکانی سەر بەو حیزبە میلشیا چەکدارانە، وەلامدانەوەی خواستەکانی کرێکارانی چیمەنتۆی تاسلۆجەیە بەدەستڕێژی تەقە. بەدوای ئەوەی کریکاران داخوازیەکانیان دەخەنە بەردەم بەرێوەبەرایەتی کارگەو پاش 15 رۆژ وەلام وەرناگرنەوە، رۆژی 7/27 بەشێوەیەکی ئصوڵی کۆدەبنەوە بۆ ئەوەی تاکید لەداواکانیان بکەنەوە، بەلام چەکدارەکانی سەر بەدەسەلاتدارانی کارگەکە بەتەقە وەلامی کرێکارەکان دەدەنەوەو لەئەنجامدا 13 کرێکار بریندار دەکەن کەبەشکێکان برینەکانیان سەختە.

هاوکاتی ئەوەی کەئەم حیزبە دەسەلاتدارانە لەبەرامبەر روداوەکەی هەلەبجەدا ریسوا بوون، وە بەخشکەیی دەیانەوێ لەژێری دەرچن بەجیا لەتەقەکردن و کوشتاری خەڵکی ناڕازی هەلەبجە تۆمەتیان بۆ دروستکردن کەدەستیان لە پشتەوەیە، ئیستاش هەمان شت دوبارە دەکەنەوە لەبەرامبەر نارەزایەتیەکانی خەڵکی چوارقورنەو ناوچەکانی کەدا بۆ خواستی ئاوو کارەبا و سوتەمەنی وە بەئاژاوەگێر ناویان دەبەن.

لێرەدا پرسیارێك خۆی تەرح دەکات کەئایا یەکیتی و پارتی بەدوای یەکگرتەوەیان، ئەبێت بەنارەزایەتیەکانی کرێکاران بۆ خواستەکانیان چ تۆمەتێك دروست بکەن!؟.




ئەمەی خوارەوە بەشێکی تری پێشێلکاریەکانی ئەم دەوریەی کوردستانە لەژێر دەسەلاتدارێتی حکومەت و پەرلەمانی تازەی حکومەتی هەرێمدا:

- رۆژی 2006/7/27 کرێکارانی کارگەرگەی چیمەنتۆی تاسلوجە بەمەبەستی جێ بەجێکردنی داواکاریەکانیان کە 15 رۆژێك پێشتر خستبویانە بەردەم بەرێوەبەری گارگەو بێوەلام مابووەوە، زیاتر لە 500 کرێکار کۆدەبنەوە بۆ پەیگیری لەسەر داواکاریەکانیان، بەلام لەلایەن پاسەوانەکانی

بەرێوەبەری گارگەوە دەدرێنە بەر دەستدرێژی تەقەو لەئاکامدا 13 لەکرێکاران بریندار دەکرێن. س ھ سایتی بۆپێشەوە.

- هاولاتیەك بەناوی محمەد ئەمین محمەد عەبدوڵلا داوای یاسایی لەسەر جلال تاڵەبانی سکرتێری یەکیتی نیشتمانی و سەرۆك كۆماری عیراق تۆمار دەکات، کە پاش ئەوەی چەندین ساڵ لەمەوبەر برێکی زۆر پارە بۆ یەکیتی خەرج دەکات و تا ئیستا نەیانداوەتەوە، بەلام نەجلال تالەبانی و نە هیچ نوێنەرێکی ئامادەی دادگاکە نەبون. س ھ سایتی هاولاتی
- رۆژی 7/17 لە یاریگای کەسنەزان بەرئەنجامی شەری نێوان یاریزانەکان ئاسایش دەخالەت دەکات و تەقە بەناویاندا دەکات و یاریزانیك بەناوی یادگار عومەر عومەر بریندار دەکەن و سەعدی تەمەن 25 ساڵیش چەقۆیەك بەر پشتی دەکەوێت.
- سەرۆکایەتی شارەوانی دهۆك 36 دوکانی بەرامبەر سەرۆکایەتییەکەی دادەخات، بەشێك لەو دوکانانە تایبەت بوون بەفرۆشتنی رۆژنامەو گۆڤارو بەرتوك، بۆیە بەناچار رۆژنامەکان لەسەر شەقامەکان دادەنێن و دەیفرۆشن. پەیامنیر




- رۆژی 7/22 مانگرتنی کۆمەڵەی نابینایان پێی نایە رۆژی شەشەم و لەبەردەم پاریزگای سلیمانیدا بریاریانداوە مانگرتنەکەیان درێژە پێ بدەن تا وەلام بەداواکاریەکانیان دەدەنەوە. س ھ ئاوێنە
- رۆژی 7/14 بریکاری وەزیری پەروەردەو پاسەوانەکانی لە پۆلیسێکی بەرێوەبەری گشتی پەروەردەی سلیمانی دەدەن و دواتر پۆلیسەکە بەهۆی لێدانەکەوە دەکەیەنرێتە نەخۆشخانە . س ھ کە نجان 7/17
- ریکخراوە پیشەییەکانی گەرمیان و هەڵەبجە نارەزایەتی دەردەبرن بەرامبەر بێ وەلامی دەسەلاتداران لەداواکاریەکانیان. گە نجان 7/17
- بەرێوەبەری ئاسایشی گشتی سەبارەت بەخۆپیشاندانەکانی چوارقورنە دەڵێت ئەو کەسانەی لەلایەن ئاسایشەوە دەستگیر کراون ژمارەیان 15 کەسن و هەمویان دەدرێنە دادگا.
- دانیشتوانی گەرەکی شێخ محێدین لەبەرنەبونی کارەبا خۆپیشاندانیان ئەنجامدا. س ھ سایتی هاولاتی
- سەرلەبەیانی رۆژی 7/10 زیاتر لە 200 لەژنانی شۆفێر بەمەبەستی داخوازی بەنزینی پێویست بۆ تاکسیەکانیان دەست دەدەنەخۆپیشاندان لەشاری سلیمانی. س ھ سایتی بۆپیشەوە
- رۆژی 6/29 پۆلیسی چۆمان سەرنوسەری رۆژنامەی هەڵگورد ئیسماعیل ئەحمەد دەستگیر دەکەن. س ھ سایتی گە نجان 6/30
- کۆمەڵێك کە نجانی شاری دەربەندیخان بەهۆی نەبونی کارەباوە دەیانەوێ خۆپیشاندان بکەن، بەلام لەلایەن دەسەلاتدارانەوە ریگایان پی نادریت. س ھ سایتی گە نجان 6/30
- رۆژی 6/26 پۆلیسەکانی کەمپی نوێی زانکۆ لەقلیاسان خوێندکارێك بریندار دەکەن. س ھ سایتی گە نجان 6/27

- لەکەلار لەبەرنەبونی خزمەتگوزاریەکان، هەڵمەتی کۆکردنەوەی ئیمزا بۆ کارەبا و سوتەمەنی و خزمەتگوزاریەکان دەست پێدەکات. س ھ سایتی گە نجان 7/3
- بەدوای خۆپیشاندانی 6/29 ی گە نجانی شارۆچکەی چوارقورنەدا، بۆ داواکاری کارەباو هەندی خزمەتگوزاری کە هیزەکانی ئاسایش و پۆلیس بەهاوکاری هیزی پیشمەرگە بەتەقە بلاوەیان پێدەکەن، بەدوایدا ژمارەیەك گەنج دەستگیر دەکەن. س ھ سایتی گە نجان 7/2
- 6/29 لەکۆبونوەیەکی نائاسایی لەبارەگای ناوچە بەئامادەبونی لێپرسراوی لق و لێپرسراوی ناوچە، بەهۆی بونی گەندەڵی و جیاوازی و نەبونی شەفافیەت لەناو ناوچەدا 31 ئەندام وکادێری یەکیتی قوتابیانی ئەو رێکخراوە دەست لەکار دەکێشنەوە. س ھ سایتی گە نجان 7/1
- رۆژی 7/2 کارمەندانی تەندورستی لەهەولیر بەهۆی هەندێك داوکاریەوە کە پێشتر یاداشتیان پێشکەش بەدەسەلاتداران کردبوو وە بیوەلام بوون، دەستیان دایە خۆپیشاندان. س ھ. ئاسۆ
- بەهۆی دیاردەی ئیشکردنی منالانەوە لەکوردستان، منالانێکی زۆر فێری جگەرەکیشان بوون. س ھ گە نجان
- لەناوچەی گەرمیاندا، بەهۆی تەقینەوەوە ژمارەیەکی زۆر دەبنە قوربانی و هەروەها فڕاندنی گە نجان روو لەزیادبونە، س ھ گە نجان 7/10
- بەهۆی گوێنەدانی دەسەلاتداران بە پاکو تەمیزی و پیسوپۆخڵی شارۆچکەی کەلارەوە، بەناچار گە نجانی شاری کەلار دەست دەکەن بەهەڵمەتێکی پاککردنەوەی شار. س ھ سایتی گە نجان 7/8
- رۆژی 7/12 بەهۆی کەمی و گرانی سوتەمەنیەوە شۆفیرەکانی هێڵی پاسەکەکانی سلیمانی ماندەگرن و ئەمەش نارەزایەتی هاولاتیانی لێدەکەوێتەوە. س ھ ئاوێنە
- رۆژی 7/2 پاش ئەوەی کە هێزی ئاسایشی حکومەتی هەرێم لەهەولێر دەست بەسەر بارەگای پارتی چارەسەردا دەگرن و حەوت ئەندامی پارتی چارەسەر دەستگیر دەکەن. س ھ ئاوێنە
- بەهۆی نەبونی بەنزینەوە نارەزایەتیەکی زۆر لەناو شۆفیرەکاندا دەستپێدەکات تا لە رۆژی5/ 7 نزیکەی 500 لەشۆفیرەکانی سلیمانی دەست دەکەن بەداخستنی شەقامەکان و تایە سوتاندن. س ھ هاولاتی 7/5
- رۆژی 6/18 بەهۆی رەخنەگرتنی قوتابیەکەوە بەناوی پەشێو، لەبەرنامەی زەنگدا لەسەر کەمو کوری قەزای دەشتی هەولیرو رەخنەکرتن لەدەسەلاتی قەزاکە، لەلایەن قایمقامەوە بڕیاری گرتنی دەدرێت و دوایی بەکەفالەت ئازاد دەکرێت تا دادگایی کردنی.
- بەهۆی هیچ حساب بۆ نەکردنێك مام وریا پاش 24 سال لەهەڵسورانی چەکداری لەریزەکانی یەکیتیدا، وازهینانی خۆی لەیەکیتی رادەگەیەنێت. س ھ زەنگی ژمارە 18 ی 7/4
- رۆژی 6/28 دوو لەئەندامانی یەکیتی شۆرشکیرانی کوردستان بەناوەکانی حسین ئازەرکیش و محمەد سابیر ستاری لەناوچەی پێنجوینی سەر بەیەکیتی نیشتمانی کوردستاندا، تیرۆر دەکرێن. س ھ بەیانی یەکیتی شۆرشکیران لە 6/30 دا

2006/7/29